کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلیکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەورووپا 1-3-2007 22:42

## حکومەتی ئیتاڵیا بڕیاریدا تەها 12 یاریگا کراوەبێت لە ڕووی جەماوەر ... ئەنوەر خەراجیانی



ئەمڕۆ حکومەتی ئیتاڵیا بڕیاریدا 12 یاریگا بکرێتەوە بۆ جەماوەری یانەکان کە ماوەیەك لەمەو بەر زۆر بەی زۆری یاریگاکانی ئیتاڵیا دەرگایان داخرا بوو لە ڕووی جەماوەرەوە بە هۆی ئەو ڕوو داوە دڵ تەزێنە کە لەمانگی
فبێبرواری ڕوویدا لە جزیرەی سەقلیا یاری نێوان یانەی کاتانیا و پالیریمۆ کە زیا لە 100 کەس بریندار بوون و پۆلیسێك گیانی لە دەست دا بەهۆی کاری ئاژاوەگێری پاشان حکومەتی ئیتاڵیا بڕیاریدا تەها لە 6 یاریگادا جەماوەر دەتوانن تەماشای یاریەکان بکەن چونکە ئەم 6 یاریگایە ئاسایشی تێدا بەر قەرارە، بە گوێرەی ڕۆژنامەو میدیاکانی ئیتاڵیا یاریەکانی ئیتاڵیا ئاستی هونەری یاریەکان بەرو نزمی دەڕوات، لیژنەی ئۆلۆمپی و یەکێتی تۆپی پیی ئیتاڵیا ڕوپۆرتی خۆیان بەرزکردۆتەوە بۆ حکومەتی ئیتاڵیا دەربارەی جەماوەر بۆ بینینی یاریەکان، ئەمڕۆ ڕێکەوتی
1 / 3 / 2006 حکومەتی ئیتاڵیا ڕازی بوو بە کردنەوەی 12 یاریگا بۆ جەماوەری یانەکان هەر چەندە حکومەت لە سەرەتایی ڕوو داوەکە بڕیاری دا تا کۆتایی وەرزی ئەم ساڵ یاریگاکان دەرگاکانیان دابخرێت لە سەر جەماوەر،

ئامادەکردنی
ئەنوەر خەراجیانی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.